

# کیبۆردێکی گەیمی بەهێز و سەرنج ڕاکێش

لەم سەردەمەدا هەڵبژاردنی ئامێرێك لە ناو سەدان ئامێری هاوشێوەی خۆیدا زۆر ئەستەمە، زۆرجار یەکێك دەپرسێت چ مۆبایلێك بکڕم، چ لاپتۆپێك بکڕم؟ ناتوانم وەڵامی بدەمەوە چونکە لەنێو سەدان جۆر ئامێری وادا کامەیان پێشنیار بکەم! دەبێ پرسیار بکەی بۆ چ مەبەستێك بەکاری دەهێنی؟ ئەوکات هەڵبژاردنەکە ئاسان دەبێت، وەك یەکێك دەڵێت دەمەوێت مۆبایلێك بێت کامێرایەکی بەهێزی هەبێت، یان لاپتۆپێك بێت بۆ کاری دیزاین و نەخشەسازیمە، یان کیبۆردێکم دەوێت پتەو و بەهێز بێت..

کیبۆردی جۆری ROCCAT VULCAN 120 AIMO لە ریزی باشترین و بەهێزترین و جوانترین ستایلی کیبۆرد دێتەژمار.. لەیەکەم نیگادا بەبێ هیچ چەشنە ریکلام و پێداهەڵگوتنێك، کیبۆردەکە سەرنجت ڕادەکێشێ، دوگمەکانی وەك شووشەیەکی روون دەچن، بەڵام بەهێزن لە پشت دوگمەکانەوە گلۆپی ڕەنگی هەیە کە بەکارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێ ڕەنگەکانیان بگۆڕێ و هەموو ڕەنگەکانی جیهان لەخۆی دەگرێ.. کاتێك پەنجە لەسەر دوگمەکان دادەنێی لەگەڵ ئەوەی بەهێزن، بەڵام هەست بە نەرمی دەکەی.. کیبۆردە تایبەتە بە گەمە و یاری ئەلکترۆنی، هەرچەندە بۆ هەموو ئەرکێکی دیکەش دەگونجێت، دوگمەکانی دەکرێت ئەرك و فەرمانی تایبەتیان پێ بسپێری.. کێشی کیبۆردەکە هەندێك لە کیلۆیەك زیاترە.. کیبۆردەکە هەرچەندە وایەری هەیە بەڵام لە یەك کاتدا بۆ دوو ئامێر دەگونجێت..

# سامسۆنگ بۆ گشت ئەرکێك شاشە جۆکەرەکەی


مۆنیتۆر یان شاشە ئەرك و کاری ئیداری و نەخشەسازی و گرافیك و سینەمادا رۆڵی بەرچاو دەبینێت، سەردەمی شاشە گەورە و قورسەکان بوو بە مێژوو کە نە کوالیتیان هەبوو نە دەیان توانی چەند ئەرك پێکەوە ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگرتنیان و راگواستنیان ئاسان نەبوو..

سامسۆنگ لەم ماوەیەدا مۆنیتۆرێکی هەمەکارەی بەناوی C34F791 بەرهەم هێناوە، کە لەیەك کاتدا دوو ئەرك ئەنجام دەدات و دەکرێت بە دوو بەشەوە، لە بەشێکیان دەکرێت سەیری فیلم بکەی و لەبەشەکەی دیکە کاری دیزاین ئەنجام بدەی. شاشەکەی کەوانەییە. گرنگی شاشەکە لەوەدایە کە کێشەیەك بۆ زۆربەی ئەوانەی کاری دیزاین و نەخشەسازی دەکەن ئەوەیە کە ڕەنگی سەر مۆنیتۆرەکە لەگەڵ ڕەنگی ئەو ڕەنگەی دەکەوێتە پرێنت و چاپ دەکرێت جیاوازە، بۆ نموونە ڕەنگێك هەیە سوورێکی تۆخە، بەڵام کاتێك پرێنتی دەکەی کاڵ دەبێندرێ.. بەڵام لەو شاشەیەدا ئەو ڕەنگەی چاپ دەکرێ و ڕەنگەکانی سەر شاشەکە یەك جۆرن. شاشەکە لاکێشەییەو ٣٤ ئینجە. کوالیتی نیشاندان لە شاشەکەدا ٢/٥ زیاترە لە گشت مۆنتیۆرێکی فول ئێچ دی لە جیهاندا.

سیستەمێك لە شاشەکەدا هەیە ئەگەر چەندین کاتژمێر لەسەریەك لەسەر شاشەکە کار بکەی، چاوەکانیان تووشی ژان نابن و ئازار نابینن. کەوانەیی شاشەکە لەگەڵ تیشکێکی شین کە لە شاشەکە دێتە دەرەوە وا دەکات چاوەکان هەست بەماندووییەتی نەکەن.



# تەبلێتێک وەک کاغەزێکی ئاسایی بەکاری بێنە



زۆر کـەس لـەم سەردەمەشـدا حـەز لـە خوێندنـەوەی کتێـب لەسـەر کاغـەز دەکات و حـەز لـە کتێبخوێنـە دیجیتالییـەکان ناکات، حەز دەکات لەسەر کاغەز بنووسێ و لەسەر کۆمپیوتەر نەنووسێ.

کۆمپانیایەك هەوڵی داوە تەبلێتێك بەرهەم بێنێ کە لەگەڵ ئەوەیـدا تەبلێتـە بکرێـت وەك کاغەزێکـی ئاسـایش سـوودی لێوەربگیردرێـت، تەبلێتـی جـۆری remarkable ئەوکاتـە کاری پێدەکرێ، بەکارهێنـەر هەسـت بـەوە دەکات کاغەزێکی بەدەسـتەوەیە، بـە رواڵەتیش وەك کاغەزێکی ئاسـایی دەچێت. تەبلێتەکـە تەنیـا بـۆ ئەرکـی نووسـین نییـە، بەڵکو هەر سێ ئەرکەکـە واتـە نووسـین، خوێندنـەوە و دیزایـن بـەکار دێـت. تەبلێتێکە وەك کتێبخوێنێکیش دەکرێ سوودی لێوەربگیردرێت، دەکرێـت هـەر ئەوکاتـەی کتێبێـك دەخوێنینـەوە پەراوێـزی خۆتی لەسـەر بنووسـی یان بەشـە گرنگەکانـی بۆ خۆت دەسـت نیشـان بکـەی. دەکرێـت لـە ئینتەرنێت کتێب و دۆکیۆمێنـت وەربگری یـان فایلەکانی خۆت بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بنێری.



## گەیم پەدی سمارتی بلاک شارک

گەیم پەد واتە ئامێرێکی بچووکی تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی لەم یەك دوو ساڵەدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، هی وا هەیە مۆبایلی بۆ دادەنرێ و جۆری واش هەیە خۆی شاشەی هەیە و یارییەکان لەسەرخۆی ئەنجام دەدرێن.

لـەم ماوەیـەدا کۆمپانیای ناسـراوی شـیائۆمی چینی نوێترین گەیـم پەدی ٢ی خۆی تایبەت بە مۆبایلی بلاك شارك بەرهەم هێناوە. لە هەر لایەکی گەم پەدەکە (جۆیستیك) دەسکی یاری داندراوە بۆ ئەوەی وەك ئامێرێکی سەربەخۆی یاریکردن بچێت.

خاڵێکـی سـەرنج راکێـش لە گەیـم پەدەکەدا ئەوەیە رەنگی دەوری دوگمەکان سـەوزە کە لەگـەڵ رەنگـی سـەوزی مۆبایلەکە دەگونجێت، پێدەچێ شـیائۆمی ئـەم گەیم پەدەی بۆ لایەنگرانی ئامێری «نینتندۆ» بەرهەم هێنابێ چونکە زۆر وەك ئەو ئامێرە دەچێت.

هەتا ٤٠ کاتژمێر یاری کردن شـەحنی دانابەزێت و بەهۆی بلوتوسـەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت.

## دیسان تەنکترین لاپ



مانشـتێکی ئـەم هەواڵـە تەکنەلۆژییـە رەنگـە چەند جارێکـی دیکەش بەرچاوتـان کەوتبـێ، هـەروەك زۆرجـار ئامـاژەم پێداوە لـە تەکنەلۆژیای نوێدا کـە رکابەرییەکـی جیدی لەنێـوان کۆمپانیـاکان و بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیـادا هەیـە، هیـچ ئامێرێـك ناتوانێت لە ساڵێك زیاتـر لە پلەی خۆیـدا بمێنێتـەوە و ئەوپـەڕی ساڵێك دواتـر پێوانەکەی دەشـکێندرێ.. بـۆ نموونـە بڵاودەبێتەوە کە کەم کێشـترین لاپتۆپ بەرهەم هاتووە، دواتر کۆمپانیایـەك هەوڵـدەدات ئـەم ناوبانگـە بۆخـۆی دەسـتەبەر بـکات و کەمکێشتر لەو لاپتۆپە بەرهەم دێنێ، یان بەهێزترین کامێرا، یا باشترین تیڤی...

هەتـا ئامادەکردنی ئـەم هەواڵە تەکنەلۆژییـە، تەنکترین لاپتـۆپ هـی کۆمپانیـای Acer یـە، لاپتۆپـی جـۆری Swift ٧وەك تەنکتریـن لاپتۆپی



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکـی بەڕێـز دەپرسێت لـە مۆبایلەکەمـدا بەبـێ ئـەوەی خـۆم داوا بکەم لەخۆوە پرۆگرام دادەبەزن، چ بکەم بۆ ئەوەی پرۆگرام و وێنە بەبێ ویستی من دانەبەزن؟**

خوێنـەری بەڕێـز چەنـد ڕێگایـەك هەیـە بـۆ ئەوەی ئەم کێشـەیە چارەسـەر بێت، لە سـەرەتادا هەندێك پرۆگرام هەن کـە پێشـووتر داتبەزانـدوون و لـە گوگل پلـەی وەرنەگیراون بەڵکو لە مۆبایلێکی دیکـە وەرتگرتـوون، ئەوانـە زۆریـان جێگای گومانن و لینکن بۆ دابەزاندنی پرۆگرامی دیکە، دەکرێت هەر لە گوگل پلەیـدا لەسـەر بەشـی setting دا ئـەو بەشـە هەڵبژێـری Auto-update apps، کاتێـك ئەمـەت دیـاری کـرد سـێ فەرمانـت پێـدەدات ئێـوە یەکەمیان واتـە Do not auto-update apps هەڵبژێـرن و ئیـدی هیـچ پرۆگرامێـك لەخـۆوە دانابەزێـت یان ئەپدیت نابێت.. ڕێگایەکی دیکەش ئەوەیە کە پرۆگرامی Detector Addons دابەزێنـە سـەر مۆبایلەکـەت، پرۆگرامەکـە بەرگـری دەکات لـە دابەزاندنـی گشـت پرۆگرامێکـی نەخـوازراو و هەروەهـا سـکانی پرۆگرامەکانیـش دەکات و ئـەو پرۆگرامـەی کاری تێکدەرانـە دەکات دەستنیشانی دەکات..

## ئامێرێک بۆ چارەسەری نەخۆشی میگرن و خەمۆکی

تەکنەلۆژیـای دیجیتالـی نـوێ لـەم چەنـد ساڵەدا ئاوڕێکـی باشـی بـۆ سـەر تەندروسـتی مـرۆڤ و چۆنییەتی باشـترکردنی ژیان داوەتەوە، بەسـەدان ئامێر بـۆ دابەزاندنـی کێـش، ڕێنوێنـی کردنـی مـرۆڤ بـۆ چۆنییەتـی جوڵـە و هەڵسـوکەوت کـردن، باشـترکردنی کاتەکانی نووستن..تاد داوەتەوە.

ئامێرێکـی نـوێ لـەم ماوەیـەدا بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکانی میگـرن، خەمۆکـی و دڵەراوکـێ، بێخـەوی و خـەو زڕان..تـاد بەرهـەم هاتـووە. ئامێـری CES Alpha Stim Therapy لەلایەن FDAەوە وەك ئامێرێکی سەرکەوتوو دانی پێداندراوە.

ئامێرێکە بچووکە و شەپۆلێك بڵاو دەکاتەوە کە دەبێتە هـۆی کەمترکردنەوەی مـادەی کورتیزول کە تایبەتە بە سترێس و نیگەرانی، وا لە مێشك دەکات کە هەست بە ئارامی و حەسانەوە بکات.





## پرینتەری رەنگ

لـە جیهانـی تەکنەلۆژیا نوێـدا پرینتەر رۆڵێکـی گرنـگ دەبینـێ، پرینتـەر داتـا دیجیتالییـەکان دەگوازێتـەوە سـەر کاغـەز و چاپـی دەکات، پرینتـەرەکان زۆر جۆریـان هەیـە، قەبـارەی بچـووك و گـەورە، رەش و سـپی، سـێ رەهەنـدی، پرینتـەری تایبەت بە وێنە و تایبەت بە دۆکیومێنت...

لـەم رۆژانـەدا کۆمپانیایەکـی سـوئیدی پرینتەرێکی بچووکی بەناوی PrintBrush XDR بەرهـەم هێنـاوە، پرینتەرەکە ئەوەنـدە بچوکە کە لە گیرفانـدا جێگای دەبێتەوە، ئەم پرینتەرە لەرێگای

## ـــــتۆپ لە جیهاندا

لەمسی لە جیهاندا ناسراوە.. تەنك کەمتر سانتیمێك.. بەکارهێنەرەکەی کاتێك لە جانتاکەی دەخات و هەڵیدەگرێت هەست بەوە ناکات لاپتۆپیشی پێیە، هەست پێدەکەی تەبلێتێکت لەدەست دایە.

لاپتۆپەکە لەمسییە، پەنجەمۆری هەیە، لەکاتی کارکردندا زۆر بێدەنگە چونکە هیچ فەن (پانکە) یەکی بۆ فێنککردنەوە بۆ دانەندراوە. سیتسەمی سپیکەری نەوەی حەوتەمی ئەنتەلی لەسەرە. میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگابایتە هاردی لەسەر نییە بەڵکو SSD ی لەسەرە. رامەکەی ٨ گیگابایتە. شاشەکەی ١٤ ئینجە. سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە. سیمکارتیش دەخوێنێتەوە.






## کاتژمێرێک چاودێریوردی منداڵەکانت دەکا

لە شارە مەزنەکاندا بەتایبەتی لەم سەردەمەی تێیدا دەژین مەترسی یەکجار زۆرە، منداڵەکانمان دەڕۆن و ون دەبن، دەڕفێندرێن و کەسیش پێ نازاندرێ، هەتا دەستگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەینەوە جار هەیە کار لەکار ترازاوە.. تەکنەلۆژیای نوێ ئەگەر هەندێك زیانی لاوەکییش هەبێت سوودی گرنگی زۆرە، یەکێك لەم ئامێرە سوود بەخشانە ئامێرە شێوە کاتژمێری FiLIP 2 Smart Locator کە بە دایکی دووەمی منداڵ ناسراوە. کاتێك منداڵەکەت لە دەستی دەکا، ئێدی هەست بە ئارامی دەکەی، منداڵەکەت لە هەر شوێنێك بێ وا دەزانی لەماڵەوەیە، چونکە شوێنەکەی پێدەزانی، کاتێك سەیری مۆبایلەکەی خۆت دەکەی لەسەر نەخشەی ژینگەکەت شوێنی منداڵەکەت نیشان دەدات.

ئامێری ناوبراو بە تەنیا ئەوە نییە شوێنی منداڵەکەت دەستنیشان بکات، بگرە وەك مۆبایلێکیش وایە، چەند ژمارەیەکی تایبەتی دەتوانی تێدا خەزن بکەی و هەرکاتێك منداڵەکەت هەستی بە مەترسی کرد زەنگ لێبدا، دەتوانی کورتە پەیامیشی بۆ بنێری. دەتوانی شوێنێکی تایبەتی لە نەخشەی سەر مۆبایلەکەت بۆ منداڵەکەت دەستنیشان بکەی، ئەگەر لەو سنوورە بچێتە دەر ئۆتۆماتیکی زەنگ لێبدا و ئاگاداری بکاتەوە..

## ماڵپەڕێک بۆ کەمکردنەوەی سایزی وێنە

گەلێك جاران پێویست دەکات وێنەیەکی دە میگاپیکسلی و زیاتریش بۆ یەکێك بەرێ بکەین، یان لەیەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دایبنێین، بەڵام قەبارەی وێنەکە گەورەیە و درەنگ وەریدەگرێت..

پرۆگرام و ئاپی تایبەت هەیە بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی وێنە، بەڵام ئەگەر لە کۆمپیوتەر و مۆبایلەکەتدا پرۆگرامێك نەبوو، دەکرێت لە ڕێگای سایتی /https://squoosh.app قەبارەی وێنەکە بچووك بکەیەوە و فۆرماتی وێنەکەش بگۆڕی بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کوالیتی وێنەکە هەبێت..

چۆنییەتی دانانی وێنە لەم ماڵپەڕەدا بە دوو شێوازە، یەکەمیان دەکرێت وێنەیەك لە کۆمپیوتەرەکەتەوە ئەپلۆد بکەی و دووەمیان دەکرێت ئەدرەسی وێنەیەك لە ئینتەرنێتدا دابنێی، لە بۆکسی لای چەپدا وێنەی ئەسڵیەکە و لەلای راستدا وێنەکە دوای گۆڕانکاری دەبیندرێ، دەکرێت بە ویستی خۆشت گۆڕانکاری بکەی و قەبارەی و ێنەیەك بچووك بکەیەوە..



## ـــــی بەقەد مۆبایلێک

مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، سیستەمی وای-فای هەیە. پاش ئەوەی کە نیازت هەبوو بابەتێك جا وێنە بێت یان دۆکیومێنت لە ڕێگای ئاپێکەوە بۆ پرینتەرەکە بەرێ دەکرێت، خودی پرینتەرەکەش میمۆری هەیە و بەڵام میمۆرییەکەی بچووکە و تەنیا دەتوانێت چوار وێنە لەخۆیدا رابگرێ، بۆ پرێنت کردن تەنیا ئەوەندە بەسە پرینتەرەکە بەسەر کاغەز دابێنی، وزەی خۆی لە باترییەکی بچووك وەردەگرێ کە هەتا چوار هەزار جار سوودی لێوەردەگیردرێت.